مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە خۆشیانی دەوێت

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە خۆشیانی دەوێت». ولە گێڕانەوەیەکدا: بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووترا: پیاو کەسانێکی خۆشدەوێت بەڵام ناتوانێت پێیان بگات*؟ ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە خۆشیانی دەوێت». لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێتک پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- و ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، چی دەڵێیت سەبارەت بە پیاوێک کەسانێکی خۆشدەوێت بەڵام ناتوانێت پێیان بگات؟ وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە خۆشیانی دەوێت». *(ناتوانێت پێیان بگات: واتا ناتوانێت وەکو ئەوان کردەوە بکات بۆ ئەوەی بگاتە پلەیان، یان هەمان پلەی ئەوانی نییە لە فەزڵ وچاکەکاری، یان لە دونیادا لەگەڵیان کۆ نەبووەتەوە لە یەک شوێن)

[صەحیحە بە ریوایەتیەکەیەوە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری بە هەردوو ریواتەکەی]

مرۆڤ لە قیامەتدا لەگەڵ ئەوانەیە کە لە دونیادا خۆشیانی ویستووە. فەرموودەکە ئاموژگاری دەکات بە خۆشویستنی پێغەمبەران وپیاوچاکان، وشوێنکەوتووانیان بە پێی پلەیان، وئاگادارکردنەوە لە خۆویستنی ئەوانەی دژایەتیان دەکەن، چونکە خۆویستن بەڵگەیە لەسەر بەهێزی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشی دەوێت، وشوێنکەوتنی لە ڕەوشتیدا ودانانی وەکو نمونەیەک لە ژیاندا، وخۆشەویستی بەڵگەیە لەسەر هەموو ئەمانە، وبۆیە ئەوەی خوای گەورەی خۆش بوێت ئەوا ئەم خۆویستنە یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکان بۆ نزیکبوونەوە لە خودا، چونکە خوای گەورە سوپاسگوزارە -الشكور-ە، ئەو کەسەی بیەوێت لێی نزیک ببێتەوە ئەوا چەندەها جاری پاداشتی ئەو کردەوەی پێدەبەخشێت کە ئەنجامیداوە. ئەگەر یەکێک لەگەڵ ئەو کەسەدا بێت کە خۆشی دەوێت مانای ئەوە نییە کە هەمان پلەوپایەیان هەیە، چونکە پلەوپایە بە پێی کردەوە چاکەکانە، وئەگەر هەموویان چوونە بەهەشتەوە ئەوا لەگەڵ یەکتردا دەبن ئەگەرچیش پلەوپایەیان جیاواز بێت لە بەهەشتدا، وئەوەی پێغەمبەری خۆش بوێت -صلى الله عليه وسلم- یان یەکێک لە ئیمانداران ئەوا بە پێی نیەتی ئەوا لەگەڵیان دەبێت چونکە ئەمە بنچینەیە، وئەمیش مانای ئەوە نییە کە پاداشتی وەکو پاداشتی ئەوان دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3074